# ئەو ماڵەی هەموو شتێک وەک کابانەکەی ماتی دەنوێنێت..!!

**شەنگە**

سیمای پڕ لـەماتیو ئاوێتـە بوونی ڕۆحم بە خـەمباریت وێنـەی چیرۆكێكـی لـەلا دروسـت كـردم، بۆیـە دەمـەوێت ئـەوەت بیربێنمـەوە كـاتێ لەپاسـەكەدا لەپێشـمەوە دانیشـتبویت، شـێوەی گشـتیت خۆیـــی وادەنوانـــد كـــەتۆبیت، لەگومانی تۆبون وتۆنەبوندا گێژم دەخوارد و بەرەو یادەوەری منداڵی ڕۆشـتبوم، دەڵێـن بـیری منـاڵی تـیژە، تۆبڵـێی ئـەم بێـت، یـان سەرگوزشـتەی خۆشەویسـتی تـۆو وفازل بێت، كەتارماییەكەی لەگەڵ خۆتاندا دێتو دەڕوات، دیسانەوەی خـۆمم كـوڕ كـردەوە تـابزانم تـۆ گولاڵـــــەیت، قــــژە رەش و سپیەكەتودەســـتە چرچـــەكانت، ئاماژەیەك نەبون، بەوەی كەتۆیت، تۆبڵـــێی مـــن وێنـــەی تـــۆم لێبگۆڕێـت، مـن چەنـدین جـار بەمنـداڵی لەسەردەسـتی تۆنانـم خواردوەو، مـن كە چاوەڕێ بووم، گوێبیسـتی دەنگـت بـم بەهـەر هۆیـەك بێت لەپاسـەكەدا، بـەڵام گوێم لـێ نـەبوو، بەدەم بیركردنـەوە لـەتۆو لەیادەوەریـەكانت، گەشـتمە ئەو وێستەگەیەی كە دەبوا دابەزم، بریارم دابـوو، دوا وێستەگەی تۆ، دوا وێستگەم بێت .

شوێن پێتم هـەڵگرت وبـەنهێنی لەدواتـەوەو بـەدەنگێكی نزم كـە تـا ئـەمرۆش ئاوێتەیـە بـە شـەرمی دوێنـێ، بـانگم كردیـت، بەهـەمان ئاوازی منداڵیم ووتم" دادە گولاڵە" ئاورت دایەوە، قژی رەش و چاوی مەستت وێنەی ئەو كاتەی تۆبوو كە لـەنائاگایی مندا چەسپی بوو لەگـەڵ دیمـەنی ئـەمرۆدا لێكیانـدا وگریـان قورگـی گـرتم، باوەشـمان بەیەكدا كرد.

مـــن كـــە لـــەمێژە دەمەوێـــت هەواڵی تۆ بزانم و بزانم، ئەو شوەی كـردت و هـەموو ژنـانی بنەماڵـە ئۆخـــەییان بۆكردیـــت كـــە قـــەیرە نـەبویت، ئاسـودەیی كردویـت، دەم وویسـت لەخۆتـەوە بـزانم، توانیـت خۆشەویسـتی فـازل تێ‌پـەڕێنیت، توانیت سێبەری ئەو رۆژانە لەخۆت بكەیتـەوە كـە بـەنهێنی ولەپشـتی ژنـانی گەرەكـەوە، پەنجەرەكـە ت، دەكردەوە بۆ ئـەوەی لەگـەڵ فـازل قسە بكەیت.

زۆر پرسیاری تر، دیاربوو لەناو زۆری پرسیارەكانا، پێم ووتی"شوت كرد" خۆدەمزانی شوت كردوە، بەلام دەمویسـت بـزانم بـەختیاریت لـەم زیندەگیەتـدا، دیـاربوو ئـەم پرسـیارە توێشـــەبەرەی خەمـــەكانی پـــێ كردیتەوەو ئەوەی من چاوەڕوان بووم بـەدەم گێرانـەوەی سەرگوزشـتەی ژینـت دایـە دەسـتم، وتـت "مەگـەر تـەنها لەقسـەی خـەڵكی ڕزگـارم بووبـێ ئـەگینا ژیـان بـێ نـەمانی خۆشەویستی مانـای چیـە" بـەدەم ووتـی دەسـتەواژەی خۆشەویسـتی، لەناخـدا دەمزانـی چەنـد راسـت دەكـــەیت، لەكۆمەڵگەیـــەكی وەك ئێمەدا كەمن گەورەبووم تێ گەشتم گولاڵـە چەنـدی ئـازار چەشـتوە تـا پارێزگـاری لەخۆشەویسـتی فـازل كردوە، وچەندی وەك منیشی فێری خۆشەویستی راستی كرد، ئـەو كـە ووتـی" خۆشەویسـتی مـنو فازیـل شـتێكی شـاراوە نـەبوو" وەك ئـەوە وابوو بیـەوێت پڕ بەگـەرووی هـاوار بكـــاتو، بۆئەمـــەش بەڵگـــەی دەهێنایەوە لەسەر راستی پەیوەندی خـۆی وفـازل و ووتـی" بۆتۆشـیان



نەگێرابێتـــەوە بەتایبـــەت ئـــەو كەســـانەی بەســـەر ســـەرمەوە دەخولانـەوەو وەكو دڕنـدە مامەڵـەیان لەگـەڵ خۆشەویسـتی مـنو فازیـل دەكـرد، خـۆت شـتێكت هـەربیرە" منیـش سـەرم بۆدەلەقانـدو، ئەویـش جارجـــار لێـــوە ووشـــكەكانی تـــەڕدەكردەوە بـــەردەوام بوولـــە قسـەكانی، تاگەیشـتینە ماڵیـان، ئـــاوی بـــۆ هـــەردووكمان هێنـــاو هەناسـەیەكی هەڵكێشـاو لەسـەر كورسـیە نایلۆنـە خۆڵەمێشـیەكە دانیشـتین، هـەموو شتێك لەوماڵـە وەك كابانەكـەی مـاتی دەنوانـد، تەنانـەت رۆحی وێرانی ئـەم دایكە لەهەردووكچەكەیدا رەنگی دابۆوە، لـەم دانیشـتنەدا دەسـتە چرچەكانی زوو زوو دەجولاند كە بردمی بەرەو ئـەو دەمانـەی ئـافرەتێكی گـورجو گۆڵـوو دەم بـە خەنـدە بـوو، ئـەو هەسـت دەكـات، بەخۆیـەوە ئـەم هاوسەرەشـی وێـران كـردوە و ووتـــی"هاوســـەرەكەم هـــەردەم ویستویەتی ئاسودەم كات بەڵام من هـەر بێزار بـووم لـەژیان، ئەویـش وایـدەزانی خـەم بەهـەژاری دەخـۆم" گولاڵە ئێستا جگە لەخەمی خۆی خۆشـی بەبـەرپرس دەزانێـت، بـەو دۆخـەی هاوسـەرەكەی تیایـە، كـە ویستویەتی دەوڵەمەند بێتو دەستی داوەتـــە بازرگـــانی مـــادە بێهۆشەكەرەكان، ئێستا لەزینداندایە، ئەوكـــە دەیـــەوێت هەمووكـــەس تێ‌بگـەیێنێت، كـە بـەمردنی فـازل ئـەمیش مرد، بۆیـە سەرگوزشـتەی مردنی بۆ هەموو كەس دەگێڕێتەوە، وتی"لەیەكێك لەڕوداوەكانی شاری سـلێمانی ویسـتی كەسـێك رزگـار بكات خۆی گیانی لەدەستدا ئەمە ڕەنگـە بۆیـان گێڕابیتـەوە بۆیـە بڕیـــارم دابـــوو لـــە دوای ئـەوە شـوو نەكـەم بـەڵام وازیـان لێنـــەهێنام تـــا شـــووم كـرد، ئیسـتاش لـە دەروازەیـەكی تـــرەوە هاتوومـــە نـــاو ژیانـەوە بـەڵام ئـەو مرۆڤـەی یەكـەم جـارنیمو ڕۆحـم ئاوێتـەی بێزاریە.....

* * *

# بەندیخانە .. بۆ ژنان شورەییەو بۆ پیاوان شانازییە

**ئەحمەد غوراب**
**و/ ڕۆشنا ئەحمەد**

لەیەمەنـدا وا بـاوە كـە پیـاو لەبەندیخانــە دەرچـــوو، لـــەخۆوەو دەستبەجێ تێكەڵ بەكۆمەڵگەكەی دەبێتـەوە، بـەگوێرەی ئـەو نـەریتو بـاوەڕەی كـە بەندیخانـە بـۆ پیـاو قۆنــــــاغێكی ســــــزاییەو تاقیكردنەوەیــەكی پیـــاوەتیو ورە بەرزییەكەیەتی.

بەڵام وەك دیارە بەلایەن ژنانـەوە شـتێكی تـەواو جیـاوازە، ئیـدی ئـەو ژنانـە لەبـەر هـەر هۆیـەك بوبێـت روویان لەبەندیخانە كردبێت، ئـەمان نـەك نـاتوانن تێكـەڵ بەكۆمەڵگـە ببنـەوە، بگـرە لەلایـەن كۆمەڵگـەو خێزانـــەوە روبـــەڕووی نـــەفرەتو دەركـــردن دەبنـــەوە، لەزۆربـــەی حاڵەتەكانیشـدا خێزانو كەسوكاریان هـەوڵ دەدەن لـەڕێی كوشـتنیانەوە بەیـەكجاری دەسـتیان لەدەسـتی بێتەوە.

لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختو ناهــەموارەی ژنــە بەنــدكراوەكان لــەودیو شیشـە ئاسـنەكانەوە تێـدا دەژیـــن، كـــەچی بەندیخانـــەكان بەلایانـەوە ئـەو تاكـە شـوێنەیە كـە ئارامیـــان پێدەبەخشـــێت، ڕەنگـــە تەمـەنی خۆیـان ببێتـە نرخـی ئـەو سەركێشـییە، لەبـەر ئـەوەش ژنـە بەندكراوەكان ئەوە بەباش دەزانن كە كـــاتی دەرچونیـــان لەبەندیخانـــە نەزانن، تاوەكو خێزانەكانیان بەكاتی دەرچوونیـــان نـــەزانو لەبۆســـەی ئەشـــــكەنجەدانو كوشـــــتنیاندا دانەنیشن.

پیـــاوە بەنـــدكراوەكان، مـــافی ئـــەوەیان هەیـــە میـــوان ســـەردانیان بكـــاتو دیارییـــان پێبـــدرێتو پەیوەندییـــەكانیان بـــەردەوام بێـــت، ئیـدی تـۆ كۆمـەكی ئـەو پیاوانـە هەرشـتێك بووبێـت كـەچی ژنـە بەنـدكراوەكان نـە كـەس سـەردانیان دەكـــاتو نەكەســـێكی لێیـــان دەپرسـێتەوە، زۆربـەی رۆشـنبیرانی میسـری لەنوسـراوەكانیاندا لایـەنی هیند ئەلحیناوییان گرتووە، داوایان لەئەلفیشاوی دەكرد دان بەوەدا بنێت كە بەراستی كچی ئەویشە.

ڕەنگە ئەم بڕیارەی دادگا ببێتە پشتگیرییەك بۆ دەركردنی بڕیاری هاوشێوە لەبەرژەوەندی (٢٠ هـەزار) منداڵدا كە هاوسەرگیری لاكۆڵاندا لـەدایك بـوون، ئەمـەش بـۆ خـۆی دەبێتـە چارەسـەرێكی گونجـاوی كێشـــەو گرفتـــەكانیان كـــە بەپاشـەڕۆژیانەوە بەنـدە، بـەرای رۆماننوس (عیزەت ئەلقەمحاوی): "ئـەم بڕیـارە سـەركەتنێكە بـۆ روانگـەی مـافی هـاوڵاتی بـوونو سـەربەخۆبوونی لەفـەتوانی شـێخە كەناڵییەكان، ئەوانەی كەسانی وەك ئال ئەلفیشاوی لێی دەرباز دەبن، خـۆ ئەگـەر ئـەوان كەمیـك بیربكەنـەوە، ئـەوا هیـچ گرفتێـك دروسـت نابێـتو دوچـاری هیـچ كێشـەیەكیش نـابن" لـەدرێژەی قسـەكانیدا وەك زۆربـەی نوسـەرو رۆشنبیرانی میسری وتی: "ئەگـەر ئەلفیشاوی لەسەرەتادا دانی بەوەدا بهێنایە كە كچی خۆیـەتی، ئـەوا ئـەو رێگـە سـەختو دورودرێـژەی نـەدەبڕی، گـەرچی چۆتـە ریـزی ریاكـــارانی ئاینیـــەوە كـــە لەكۆمەڵگـەدا هاوشێوەیان زۆرەو وا دەزانن ئەوە گەورەییو بەهێزبوونە، گـەرچی نازانێـت بـەو كـارە لوتبەرزییـــەی دەســـتی دەچێتـــە خوێنـی كچێكـەوە كـە لـەخوێنی خۆیـەتیو بـۆ رۆژگـارە سـەختو ناهـــەموارەكانی داهـــاتووی جێدەهێڵێت، كە لـەم كۆمەڵگەیـەی ئێمـەدا بەنایەكسـانیەوە مامەڵـە لەگەڵ رەگەزی مێینە دەكات".

ئـەو كێشـەیە دوو سـاڵ زیاتـر لەدادگا جێگەی باسو لێكۆڵینەوە بوو.

**م. بەهادین**

## ئاوێتە بوون

من دەمەوێت
وەك چۆن پەشێو
ئاوێتەی هۆنراوە
بوو!
وەك چۆن نالی
دڵی وابەستەی
خانەقا و
شەیدای
حەبیبەكەی بوو!
چلۆن زەردەشت
هۆگری
ئاوێستاكەی و
كڕنووش بەری
هورمزەد و
دژ هاوتای
ئەهریمەن بوو!
بەو جۆرە ئاوێتەی
تۆ بم
لەبری هۆنراوەی
پەشێوو
خانەقای
حەبیبەی نالیو
ئاوێستاو
هورمزدای
زەردەشت
هۆگری هەردوو
لێوت بم!